# وەزارەتی دەرەوەی ئێران بانگهێشتی باڵێزانی بریتانیا، ئەڵمانیا و فەرەنسای کرد

بەهۆی لێدوانەکانیان دەربارەی هێرشی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل؛ وەزارەتی دەرەوەی ئێران بانگهێشتی باڵێزانی بریتانیا، ئەڵمانیا و فەرەنسای کرد.

ئاژانسی هەواڵی رێیتەرز ئاشکرای کردووە، بەهۆی لێدوانە توندەکانیان دەربارەی هێرشی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل و سەرکۆنەکردنی تاران؛ وەزارەتی دەرەوە ئێران بانگهێشتی باڵێزانی بریتانیا، فەرەنسا و ئەڵمانیای لە تاران کردووە و نیگەرانیی خۆی سەبارەت بە لێدوانەکانی سەرکردە و حکوومەتەکانیان پێ گەیاندوون.

ئاژانسی ڕێیتەرز باسی لەوەش کردووە، وەزارەتی دەرەوەی ئێران بە باڵێزانی ئەو وڵاتەی ڕوونکردووتەوە کە ئێران بەمافی خۆی دەزانێت دژی هێرشەکانی ئیسرائیل بەرگریی لەخۆی بکات.